# سایتی حیزب دەپرسی

## ئاشکرابوونی باندەکەی "شیخ زانا" کام هۆکارو کام راستی؟

دان پیدانان وئاشکرابوونی تاواناکانی باندە تیرۆریستیەکەی"شیخ زانا" راچلەکینەربوو بۆهەمووان و واچەند رۆژە بۆتەجیگای مشت و مر و لیوردبوونەوەو قسەوباسی نیو کۆمەلگا و رۆشنبیران ولایەن و کەسایەتی جۆراوجۆر. بەلام ئەوەی ئاشکرایە کە هەمووان لەبارەی هۆیەکانی سەرهەلدانی ئەم دیاردەیە و رووەکانی یەوە رایەکی چوونیەکیان نییە. بیگۆمان ئەم تاوانانە یەکجارتر کارنامەی ئیسلامی سیاسی و رەوتەکانی دەباتە نیو قەفەزی دادگاییەوە ولەونیوەدا وەک تەرەفیکی بنەرەتی جیگای هەیە هاوکات ئەوەی ئەم باندە دەتوانی بۆماوەی چەند سالیک دەست لەتاوان وەردا و بۆ مەرامەکانی دزین و کوشتن و سەربرینی لاوانیک پرۆڤەبکات، ئەمەش لەسایەی دەسەلاتی ئەحزابە کوردییەکاندا ببیشک سیاسەت و شیوەی مامەلەکردنی ئەوان و لیوردبوونەوە لەسەری دینیتە پیشەوە.. بەلام هەیە ئیسلام ببیەری دەکاو هەشە لایەنگری دەسەلاتی یەکیتی وپارتی لەدوتویی باسی "پاکیزەیی کۆمەلگای کوردەواری" یەوە دینیتە گۆری و ئەم دیاردەیە بۆ "فەرهەنگی غەیەرکورد" دەگەرینیتەوە. هەشە پیی وایە"مرۆڤی کورد" نەخۆشی دەرونی گرتووە، و دەبی کۆمەلگای کوردستان ناخی خۆی هەلکۆلیت.. کەوایە ئەم رووداوە ئاکامی کام واقعیەتی سیاسی و کۆمەلایەتییە؟ موسەبیبانی ئەم تاوانانە کام رەوت و بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتین؟ پاشان وەلام چییە بەبۆچوونەکانی تر کەلەسەر لایەنەکانی ئەم تاوانانە دینە پیشەوە؟ لەئاخردا دەبی چیبکەین بۆ پاکردنەوەی کۆمەلگا لەم تاوان و دیاردە قزەون و راچلەکینەرانەوبەرگرتن بەدووپات نەبوونەوەیان؟

سایتی حیزب لەمبارەوە دەپرسی و رای کەسانیک دەبزوینی... هاوکات دەرگای خۆی بۆ بوچن و قسەوباسی هەمووان ئاوەلادەکات.. بەوهیوایەی هاوکار وبەشداربن لەگەلمان لەمگۆشەیەدا ..

.. خەسرەوسایە

00447796257020

k.saya@ukonline.co.uk

شیرزاد فاتیح



خەسەروسایە: ئەم رووداوە یەکجاریتر سیستەمی پەروەردەیی و خویندن لەکوردستان دینیتەوە مەیدان، بەتایبەتی ئەوەی کەمزگەوت زاتر مەیدانی پەروەردەبوونی ئەم گروپانەی وە قوتابخانەو زانکۆکان و سیستەمی فیریوون و زانست لەولاوە دەخاتەبەردەم یەک شکستەوە، ئیوە لەم پەیوەندەدا دەلین چی؟

تاونکارییەك کە لەلایەن گروپی تیرۆریستی ئیسلامی شێخ زاناوە ئەنجام دراوە ، چ لەسەر برینی منالان و ئیغتساب کردنی لاوانی کچ و کوڕ وە چ لە هەموو ئەو وەحشیگەرییانەی تر کە ڕۆژانە لە شاشەی تەلەفیزۆنەکان، و ڕۆژنامەو بلاو کراوە جیاجیاکانەوە نیشانی خەلکی دەدرێن ، مەسەلەیەکی هەروا ئاسان نیەوناکرێ بەسەر ماندا تێپەڕێت و پێویستەهەموو لایەنەکانی لێکبدرێتەوە، وە پەنجە هەم بۆ ئەنجامدەرانی و هاوکارانیان هەمیش بۆ دەسەلات و سیستەمێك کە ئەم تاوانانە لەژێر سایەی دا ڕووی داوە ڕابکێشرێت و بخرێتە بەر باس و لێکۆلێنەوە، وە مایە پوچی ئەو پاساوانەی بۆ ئەم مەسەلەیە دەهێندرێتەوە بکەوێتە بەر ڕەخنەی توندو نەهێلێن کە خۆیانی لێقوتار بکەن.

پێگەو هۆکاری ئەنجام دانی ئەم تاوانانە ، وە فێربوون و ڕاهێنانی کۆمەلێك لاو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەساتەپڕ تراژیدیانە ئاین و مزگەوتەکان بووە. لە مزگەوتەکانەوە لاوان و هەرزەکارانان فێری توندو تیژی و جیهادو ئینسان کوشتن دەکرێن ، زۆرێك لە ئیمام و پێش نوێژەکان فتوای کوشتنی ئینسانە پێشکەوتن خوازەکان دەبەخشێننەوە بەبەرچاوی دەسەلاتدارانی کوردستانەوە، ئێمە وەك سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان ، لە سالانی ڕابردووەوە دەیان جار لەسەر شێت کردنی منالان بەدەرسە تۆقێنەرەکانی ئەم تاقمانە وە بە هێنانەوەی چەندین نموونە لەو منالانەی کە شێت بوون بە دەستی ئیسلامییەکان ، دەسەلاتدارانی کوردستانمان لەمەترسی بەردەوامبونی ئەم تاوانانە ئاگادرکردۆتەوە و بەرپرسمان کردوون لە ڕوودای ئەم تاوانانە دەرهەق بە منالان لە ژێر سایەی دەسەلاتیاندا. کە " دیمەن کەریم" ئەو منالە 14 سالەی لە مزگەوت شێت بوو وە 24-12/2004 لە سلێمانی خۆی سووتاند نموونەیەکی زیندوو وە یەکێك لە قوربانییەکانی دەرەسە تۆقێنەرەکانی ئیسلامییەکان و حوجرەو مزگەوتەکانیانە.

نیشاندانی هەموو ڕۆژەی ئەم تاوانانە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە کە گروپی تیرۆریستی ئیسلامی شێخ زانا و هاوەلەکانی ئەنجامیان داوە ، منالانی توشی بارێکی دەرونی زۆر خراپ و ترس و دلەڕاوکێ کردووە، منالان تۆقیوون لە بینینی ئەم کارەساتە مەینەتبارانە، ئێستا ئیتر

بەشێکی ئیجگار زۆری منالآن شەوانە خەو بە چاویاندا نایەت، ئەوەی کە بە ڕاستی و بەربەرچاوی خۆیانەوە بینیان پێشتر لە هیچ فیلمێکی تەلەفیزۆنی و سینەماییدا بە خەیالیش ئەم وەحشیگەرییەیان نەبینیوە، نەیانبینوە کە مرۆڤ بە زیندووی و بەربەرچاویانەوە لەت و پەت بکرێت ، کاتی ئەم ڕووداوانە و نیشاندانی لە تەلەفزیۆنەکانەوە ئەگەر لە کاتی دەوامی خوێندنگاو قوتابخانەکاندا بووایە، بێدوودڵی بەشێکی ئیجگار زۆری منالآن نەیاندەتوانی لەماڵ دەربچن و ڕوو لە خۆێندنگاکانیان بکەن، ئەمە وادەکات کە منالآن هەستێکی خرپیان لا دروستت بێت ، وە ڕۆحی توندوتیژی و تاوانکاری لە گیانیاندا بخولقێنیٚ.

دەسەلآتدارانی کوردستان بەهەردوو ئیدارەکەوە PUK & PDK بەرپرسی یەکەمن لە ئەنجامدانی ئەم تاوانانە لە ژێر دەسەلآتیاندا ، هەردوو ئیدارەکە باشترین پێگەی پەروەردەی ئیسلامی سیاسی بووە هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا، هەمیشە خەریکی سات و سەوداو مامەڵەی ژێر بەژێر بوون لەگەڵیاندا ، بیٚ ئەوەی حیسابێك بۆ خەڵك بکەن و خەڵکی کورستان لەمە ئاگادار بکەنەوە، ئەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیکوکراتی کوردستان بوون کە مانگانە بە ملیۆن پارەیان بۆ هەڵدەڕشتن لە پاروی دەمی خەڵکی کوردستان ، وە لەو لایشەوە خەڵکی نان نەبوو بیخۆن ، ئەوە هەردوو حکومەتی یەکێتی وپارتییە کە کە داڵدەدەرو بەخێو کەری دەیان فتوا بەخشی کوشتنی خەڵکی شەریف و ئازادی خوازی کوردستان بوون ، بەبەر چاوی خۆیانەوە دەیان جار ئەدهەم بەرزانی و مەلا کرێکارو مەلا بەشیرو کیٚ و کیٚ فتوای کوشتنی ئینسانەکانیان دەرکردووە، کەچی ئەوان مێشێك میوانیان نەبووە، ئاخر ئەگەر تۆ دەسەلآتداری و کەسێك بە ئاشکرا فتوای کوشتنی ئینسان لە ژێر سایەی دەسەلآتەکەی تۆ ببەخشێنێتەوە و تۆ دەسگیری نەکەیت و نەیدەیتە دادگا ، یانی تۆ هاوکارو پشتیوانی ئەو فتوایەی..!!

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن یەکێکە لەو ناوەندانەی کە بەزۆری ئەم دەستەچەپەڵە بە خوێن سووربووەی تیرۆریستانی ئیسلامی پێگەیشتووە ، وە بە ئاشکرا و بەبەرچاوی هەردوو دەسەلآتەوە مامۆستایانی سەربە تاقمە ئیسلامیەکان لە میانڕەوو توند ڕەویانەوە بگرە تا تیرۆریستەکەیان و سوپەر موسلیمەکەیان، باشترین فرسەتیان بۆ لواوە لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا لە ژێر کاریگەری ماددەی ئایندا منالآن فێری ترساندن ، قەبرو قیامەت ، بەهەشت و جەهەمنەم ، خورافەو درۆو دەلەسەی پوچ و بێبنەما.و...هتد ، بکەن. زۆر جار لە جیاتی وانەی فیزیك ، کیمك و ماتماتیك باسی ئاین و سەرگوزەشتەی پیاوە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی پێشوترو چی وچیان بۆ کردوون ، بۆ هێنانەوەی چەندین بەڵگە لەم بارەوە بڕوانە نامیلکەی "با پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە علمانی بکەین" کە من نوسیومە و لە چەند سایتی ئەنتەرنێتی و کتێبخانەو شوێنی تردا بڵاو کراوەتەوە.

ڕوودانی ئەم کارەساتانەو دەرخستنیان بۆ هەموو خەڵکی باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی تیرۆریست بوونی هەردەستەو تاقمێکی ئیسلامی ، لە هەمان کاتدا ئیتر پاساوێك ناهێڵێتەوە بەدەستی هەردوو حکومەتی دەسەلآتداری کوردستانەوە کە لەوە زیاتر سات و سەوداو مامەڵە چ ژێربەژێرو چ بە ئاشکرا لەگەڵ هەر دەستەو تاقمێکی ئیسلامیدا بکەن ، هەبۆیەشە ئیتر کاتی ئەوە دەمێکە هاتووە، کە خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی کوردستان نابیٚ لەوە زیاتر ڕێگە بدەن کە بەبەرچاویانەوە ڕۆڵەکانیان بەدەستی ئەم تاقمانە لەت پەت بکرێت ، نابیٚ ڕێگەبدەن کە دەسەلآتدارنی کوردستان بیانووی جۆراو جۆر و پاساوی نادروست بۆ هاوکاری و دەستگیری ئەم تاقمانە بهێننەوە.

باشترین چارەسەر بۆ پاراستنی ژینگەی منالآن و پەروەردە کردنێکی سالم و مرۆی ، وە بۆ بنەبڕ کردنی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا ، بە علمانی کردنی پرۆسەی پەروەردەو فێردردنە ، کە دەستی هەموو کۆنەپەرستییەك دەبڕێت لە دزە کردن بۆ نێو کۆمەڵگا بەگشتی و منالآن پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە تایبەتی، هەروەها هەڵپێچانی فێرکردن و تۆقاندنی منالآن بە خورافە و درۆو دەلەسە . ئەرکی هەموو ئینسانێکی پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازە کە فشاری جدی بهێنن بۆ هەردوو ئیدارەی دەسەلآتدارانی کوردستان تا دەست هەڵگرن لە دەست پێهێنان و لاواندنەوەو داڵدەدانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و کۆمەك و هاوکارییان.